# دەستەی فەرمانڕەوای ئەمەریکا بەرپرسە لەو تاوانانەی کە دەرحەق بە زیندانییە عێراقییەکان ئەنجام دراون!

سەرەنجام، دوای بێدەنگیەکی زۆری بەرپرسانی ئەمریکی لەبەرامبەر کردەوەکانی هێزەکانیان لەبەرامبەر دیلو گیراوەکان لەعێراقدا، بۆگەناوی هەواڵی کردەوە سەربازیەکانی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەبەرامبەر گیراوو دەستبەسەرە عێراقیەکانی زیندانی ئەبو غرێب لووتی تەواوی بەشەریەتی کاس کرد. نیشاندانی وینەی ئەشکنجەی درندانەو سووکایەتیو دەستدریژیە سێکسیەکان لە کەنالەکانی راگەیاندنی جیهانیەوە، رقو بیزاریەکی گەورەی دروست کرد لەلای رای گشتی جیهانیو بەتایبەتیش جەماوەری عیراق لە بەرانبەر سیاسەتو کردەوە سەربازیەکانی ئەمریکادا. ئەو وینانەو ئەو کردەوە درندەو سادیو نەخۆشانەیە سەرباری قیزەونیەکەی تەنها گۆشەیەکی بچووکی کردەوەکانی هێزەکانی ئەمریکا نیشاندەدات. بەشی هەرەزۆری ئەم کردەوانە بەمانای ووشە تاوانی جەنگن.

ئەم کردەوە وەحشیو درندانانەی هیزەکانی ئەمریکا، لەلایەك فرسەتێکیترو نوێیدا بە ئیسلامی سیاسی بۆ بەهێزکردنی خۆی لەعێراقو ناوچەکەدا، وەلەلایەکیترەوە پووچی ئیدعاکانی ئەمەریکای سەبارەت بە "دیموکراسی"و"مافەکانی مرۆڤ"و"رزگارکردنی عێراق" نیشاندا. ئەم کردەوە وەحشیانەو دڕندانانە، واتە ئازاردانو کەرامەت شکاندنی گیراوەکان لەلایەكو، لەلایەکی تر گیرانەوەی تاوانبارانی بەعس بۆ سەر کورسی دەسەلات بەتایبەتیش لەمەیدانی عەسکەریو ئەمنیدا، دوو رووی یەك سیاسەتن، ئەمەریکا سەلماندی کە دەسەلاتێکی صدامی ئەوێت بەلام بەبێ صدام، وە دەیەوێت ترسو تۆقاندن بەسەر هەموو ئەو لایەنو ئینسانانەدا زاڵ بکات کەبیانەویت نارەزایەتی لەبەرانبەر سیاسەتو کردەوە نائینسانیەکانیدا دەربرن.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لە کاتیکدا کە بەتوندی کردەوەکانی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لە ئازاردانی جەستەییو دەروونیو سادیو سوکایەتیکردن بە دیلو دەستبەسەرەکان بەتوندی مەحکوم دەکات، خوازیاری دادگایی کردنی سەرانی دەستەی فەرمانرەوایە لە ئەمریکا وەکو بەرپرسانی راستەوخۆی ئەم کردەوانەی لە عێراقدا روودەدات، ئەمە ویرای دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەم کردەوە درندانەو شەرمهینانەو هەموو ئەوانەی کە راستەوخۆ لە پشتیەوە راوەستاون، لە دادگایەکی نیودەولەتیدا بۆئەوەی سزای عادیلانەی تاوانەکانیان وەربگرن، ئەو کردەوانەی کە دژ بە سەرەتاییترین بەهاو پێوانە ئینسانیەکانە. هەروەها حزب جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆتایی هاتن بەم کویرەوەریو دەردی سەریەی جەماوەر بەندە بە کۆتایی هاتنی داگیر کاری ئەمریکاو دامەزراندنی دەسەلاتی راستەوخۆی جەماوەری عێراق بۆیەکلا کردنەوەی چارەنووسی سیاسی کۆمەلگاو بەرەسمی ناسینی مافو ئازادیە سەرەکیەکانی ئینسان لە عیراقداو بنیاتنانی حکومەتیکی عیلمانیو غەیرە قەومی. وە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا یەخسیری ئەمەریکاو تیرۆریستەکان بێت ناکرێ هیچ قسەیەك لە خۆشگوزەرانیو بەختەوەری بکرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بانگەوازی رای گشتی جیهانیو ریکخراوە ئینسانیەکانو حیزبە چەپو پیشکەوتنخوازەکان دەکات بۆ ریسواکردنی ئەم سیاسەتەو داواکردنی دادگایی کردنی سەرانی ئیدارەی ئەمریکاو چونە دەرەوەی هیزەکانیان لە عیراق.

نا بۆ دەستدریژی ئەمریکا بۆسەر ژیانی خەلك
بژی ئازادیو یەکسانی

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق**
**2ی ئایاری** 2004